# مارکۆنی
# ئەو زانایەی جیهانی بچووك کردەوە



ئامادەکردنی:
**ڕێبوار کەریم**
-کۆلیژی ئاداب
زانکۆی سەلاحەدین-

یەکێک لەو زانایانەی بەهۆی داهێنانەکانی دەستی هەبووە لە گۆڕینی جیهاندا (مارکۆنی)یە، با بەخەیاڵ جیهانێک بێنینە بەرچاومان بێ رادیۆ و تەلەفزیۆن و رادار و تەلەفۆنی هەڵگیراو وبێتەل چ جۆرە جیهانێک دەبوو، دیارە هەموو ئەو ئامێرانە کارکردنیان بریتیە لە پەخشی شەپۆلەکانی رادیۆیی کە داهێنەرەکەی (مارکۆنی)یە.

(مارکۆنی)کێیە؟

(گوگلیلمو مارکۆنی) لە (25/4/1874)لە ئیتاڵیا لە نێو خانەوادەیەکی دەوڵەمەند و لە باوکێکی ئیتاڵی ودایکێکی ئیرلەندی لە دایک بووە، (مارکۆنی) لە خوێندنی قوتابخانەدا قوتابیەکی زۆر بە سەلیقە نەبووە و هەمیشە لە ئامادەکردنی ئەرکەکانی قوتابخانەدا هەڵەی دەکرد یاخود دوادەکەوت، ئەمە وایکردبوو بە بەردەوامی لە لایەن باوکیەوە سەرزەنشت بکرێت بەڵام هەمیشە دڵنەوایی دایکی و ئامێزی گەرمی فەرامۆشی پێدەدا، (مارکۆنی)لە لایەن دوو براکەی تریشیەوە کە لە دایکێکی تربوون گاڵتەی پێدەکراو سوکایەتیان پێدەکرد. دایکی(مارکۆنی) لە هەموو بوارەکانی ژیاندا مامۆستایەکی لێهاتوو شارەزای (مارکۆنی) بوو، لە خوێندندا (مارکۆنی) ویستی ببێتە قوتابی لە ئەکادیمیای دەریاوانی ئیتاڵیا بەڵام بەهۆی دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوەدا خەونەکەی نەهاتەدی کە ئەوکاتە تەمەنی دوانزە ساڵان بوو، لە تەمەنی

شانزە ساڵیدا بۆ خوێندن لە زانکۆی (پۆلۆنیا)لە ئیتاڵیا چووە نێو تاقیکردنەوە و بەهەمان شێوەی یەکەمجاری نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنێت.
ئەم داهێنەرە هەر لە منداڵیەوە حەزی لە خوێندنەوەی کتێبە زانستیەکان بوو بەتایبەتی بوارەکانی فیزیاو کیمیاو کارەبا.
(مارکۆنی)هەر لە منداڵیەوە حەزی لە ژیانی تەنهایی بوو زیاتر کاتەکانی بۆ خوێندنەوە و راوکردنی ماسی بەسەردەبرد.
(مارکۆنی)تاقیکردنەوەکانی لەسەر هەموو شتێک ئەنجامدەدا تەنانەت لەسەر قاپ و قاچاغ و چەقۆ و کەوچکیش ئەمانە باوکیان زۆر بێزارکردبوو بەڵام هەمیشە دایکی پشتیوانی لێدەکردو دڵنیابوو لەوەی کوڕەکەی دوارۆژێکی رووناکی هەیە و دەبێتە داهێنەر بەڵام باوکی گاڵتەی پێدەهات.
جارێکیان لەگەڵ خانەوادەکەی بۆگەشت و خۆشی روویانکردە زنجیرە چیاکانی (ئەلپ)و لەوێ سەرگەرمی خوێندنەوەی بابەتێکی زانستی زانای ئەڵمانی (هینریک هیرتز)بوو کە (هیرتز) دەیسەلمێنێ دەکرێ شەپۆڵە کارەباییەکان راستەوخۆ لەهەوادا لە شوێنێکەوە ئاراستەی شوێنێکی تر بکرێن، لەم گەشتەدا تەواوی کاتەکانی بۆ بیرکردنەوەو پلاندانان بۆ ئەم کارە تەرخانکرد، دوای گەڕانەوەی لە گەشتەکەی یەکسەر سەردانی ماموستاکەی (ئاجوستو ریخی)کرد کە ماموستای فیزیا بوو بیرۆکەکەی بۆ باسکرد بەڵام ماموستاکەی ئەوەی بۆ باسکرد لەوەتەی (هیرتز)بوونی شەپۆڵە کارەباییەکانی سەلماندووە زاناکان خەریکی لێکۆڵینەوەن و نەیانتوانیوە هیچ بکەن بۆیە تۆش کەشتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نازانی ناتوانی هیچ بکەیت، بەڵام (مارکۆنی)کۆڵینەداو گەڕایەوە ماڵەوەو روویکردە شوێنی کارکردنی کە لە لایەن دایکیەوە دوو ژووری بۆ تەرخانکرابوو کاری تێدابکات و براکانی بێزاری نەکەن، هەڵسا بە ئامادەکردنی پاتری و رایەڵەکانی گەیەنەرو چەند جۆرێکی تری گەیەنەرەکان و دەستیکرد بەکارکردن لەسەر کارەبا وموگناتیس و ئەو شەپۆڵە کاروموگناتیسیەی لە ئەنجامی لەیەککردنیان دروست دەبێت.
ئەو دەیزانی ئەو بیرۆکەیە زۆر سادەیە بەڵام بناغەی کارەکانی داهاتوو دەبێت و نابێت دەست هەڵبگرێت و دەیان ئەزموونی دیکەی ئەنجامدا.

لە پایزی (1895)دا (مارکۆنی)براکەی رەوانەی دەرەوەی ماڵ کردو وەرگری شەپۆڵێکی رادیۆیی دایە دەست و ئەویش لە ژوورەکەی خۆیدابوو، مارکۆنی دوگمەی پیتی (C)لە چیفرەی موریس داگرت و چاوەڕوان بوو یەکسەر براکەی تەقەیەکی بە ئاسماندا کرد وەکو ئاماژەیەک بۆ گەیشتنی شەپۆڵەکە و بەمجۆرە و بۆیەکەمین جار لەمێژوودا تەلەگرافی بێتەل داهێنرا، شایانی باسە تەلەگراف لەسییەکانی سەدەی نۆزدەدا داهێنرابوو بەڵام بەشێوەی تەلدار بوو نەک بێتەل.

(مارکۆنی) سەرگەرمی پەرەپێدانی ئامێرەکەی بوو تا شەپۆڵەکان مەودایەکی زیاتر ببڕن، توانی مەودایەکەی بگەیەنێتە یەک میل، هەر ئەو کاتە فەرمانگەی تەلەگراف لە ئیتاڵیا پەیوەندیان پێوەکرد بۆ ئەوەی پاڵپشتی دارایی لێکۆڵینەوەکەی بکەن بەڵام (مارکۆنی)رازی نەبوو، لەمانگی تەموزی (1896)لەگەڵ دایکی روویکردە بەریتانیا چونکە ئینگلیزەکان زۆر بایەخیان بەم داهێنانەیداو بەلایانەوە گرنگ بوو، (مارکۆنی)تەمەن (21)سالان ئامێرەکەی لە فەرمانگەی پۆستەی (لەندەن)داناو بووە ناوێکی ناسراو و بەناوبانگ.


A Canadian Marconi 10 inch Spark transmiter circa 1901

ئەم داهێنانەی (مارکۆنی) ئەمڕۆ بە رادیۆ ناودەبردرێت هەرچەندە لەسەرەتادا ئامێرەکە دەنگی پەخش نەدەکرد تەنها ناردنی چیفرەی موریس بوو.
لەساڵی (1903)دا (مارکۆنی )دەستیکرد بە دانانی ئانتێن لە(کوروتیل)ی بەریتانیاو (کیب کود)ی ئەمەریکا، بەهۆی باوبۆرانی سەخت لە دانانی ئانتێنەکاندا زەحمەتی زۆری بینی بەڵام دەستەپاچە نەبوو.

رۆژی (18/1/1903)رۆژێکی گرنگە لە مێژوودا، لەم رۆژەدا یەکەمین نامەی تەلگرافی بێتەلی لە نێوان ( شا ئیدوارد)ی شای بەریتانیاو (روزفلت)ی سەرۆکی ئەمەریکا ئاڵوگۆڕکرا کە یەکەمیان لە وێستگەی (بولدو) بوو لە ناوچەی(کورونیل)ی بەریتانیا و دووەمیشیان لە وێستگەی (کیب کود) بوو لە ویلایەتی (ماساشوسیتس)ی ئەمەریکا و دووری نێوانیان زیاتر لە سێ هەزار میل بوو.
لەساڵی(1909)دا (مارکۆنی) کۆمپانیای بەرهەم هێنانی رادیۆی دامەزراند کە بەناوی خۆی بوو سەرەتا هاورێکانی ئەم پرۆژەیەی (مارکۆنی)یان بەجۆرێک لە شێتی لە قەڵەمدەدا، بەڵام رادیۆی داهێناو هەر لەو ساڵەدا کە تەمەنی (35)ساڵان بوو خەڵاتی(نوبڵ)ی پێبەخشرا بەهۆی داهێنانە گرنگەکانی .
لەشەوی (14/4/1912)دا ئەو شەوەی کەشتی (تایتانیک)نووقم بوو بەهۆی ئامێری تەلەگرافی بێتەل بوو تونرا(705)کەس لە رزگاربووانی (تایتانیک)کە لەنێو (16) بەلەمی بچووکدابوون بە فریایان بگەن و لەمەرگ رزگاربن.

لەکاتژمێر (40/11)دەقیقەی ئەو شەوەدا کە کەشتی (تایتانیک) خۆی بە شاخێکی بەفرینی داکێشا، کارمەندی تەلەگراف بە پەلە دەستیکرد بە ناردنی پەیام بۆ فریاکەوتنیان و شوێنی کەشتیەکەی دیاریکرد کە دووچاری کارەسات هاتووە و کەشتی(کارباسی)کە(58) میل لە شوێنی کارەساتەکەوە دووربوو یەکسەر روویکردە ئەوێ و لەهەمان کاتدا پەیوەندیکرد بە بنکەی(کیب کود).
کەشتیەکی دیکە زۆر لە کەشتی ناوبراوەوە لە شوێنی رووداوەکە نزیکتربوو بەڵام بەهۆی ئەوەی کارمەندی تەلەگراف خەوی لێکەوتبوو و بێتەلەکەی کوژاندبووەوە ئاگاداری کارەساتەکە نەبوون.
تا کارەساتی (تایتانیک) روویندا بوو ئامێری بێتەلی کەشتیەکان تەنها بۆ ناردنی نامەی سەرنیشەکان بەکار دەهێنرا و تەنها بە رۆژ کاری پێدەکرا، بەڵام دوای ئەوە بڕیار درا هەموو کەشتییەک پێویستە ئامێری بێتەل هەڵبگرێت و بە بەردەوامیش ئامێرەکە کراوەبێت.




دوای ئەوەی رزگاربووانی نێو کەشتی (تایتانیک) گەیشتنە (نیویۆرک) مەدالیای زێڕینیان بە (مارکۆنی) بەخشی چونکە ئەگەر ئامێری تەلەگرافی بێتەل نەبوایە ئەو شەوە بەهۆی سەختی سەرماوە مردنی هەر هەموویان مسۆگەر بوو.
لە سەرکەوتنی ئەزموونی تەلەگرافی بێتەلدا یەکەمین کەس کە مژدەی سەرکەوتنی پێدرا دایکی (مارکۆنی) بوو، کوڕەکەی بەتاو بەرەو باوەشی رایکردوو پڕ بەدەنگی هاواری کرد دایەگیان سەرکەوتم.
زانای بلیمەت و داهێنەر (گوگلیلمو مارکۆنی )لە ساڵی ( 1937) کۆچی دوایی کردووە.

---------

سەرچاوە :
رۆژنامەی الشرق الاوسط و چەند پێگەیەکی ئینتەرنێت